# فایلی ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق

عەدالەت عوٚمەر سالح
چالاك لە بواری ئەنفال

(ناوەرۆکی ئەم بابەتەم لە کۆڕێکی بنکەی کاوەی رۆشنبیری لە هەولێر لە رێکەوتی 20\6\06 پێشکەش کرد)

## * پێشەکی

پێش ئەوەی بچمە ناو ناوەرۆکی بابەتەکە کورتە باسێك لە سەر ئەنفال دەکەم , بەدرێژای مێژوو کوردان بە گشتی لە سەر خاك و ولاتی خۆیان دووچاری سیاسەتی غەدرلێکردن و چەوساندنەوەولەناوبردن بونەتەوە، لە کوردستانی عێراقیشدا رژێمە یەك لە دوایەکەکانی ئەم وولاتە بەبەردەوامی و نەپچڕاوەیی لە سەر کوتکردن و داپلۆسینی ئەو نەتەوە ستەمدیدەیەدا بونەو بە هەموو شێوە و رێگایەك ویستویانە ناسنامەی نەتەوایەتی بسڕنەوە، هەڵبەتە ئەو کردارەشیان بەبەرنامە و پرۆگرامی تایبەت بوە و ستراتیژیەت و تاکتیکی گونجاو و لە باریشیان بۆ داڕشتوە. راگواستنی بە کۆمەڵی خەڵکی کورد لە سەر زێدی باب و باپیرانیان و پراکتیزە کردنی سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە کورد نشینەکان بەهێنانی هاوولاتی عەرەب پاداشتکردن و دابینکردنی خانوو دارایی بۆیان و تێکدان و ڕوخاندنی گوند و دێهاتەکان و کیمابارانکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە سوران هەتا بادینان بەتایبەتی شاری هەڵبجەی شەهید، کە لە چاو چوقانێکدا زیاتر لە (5000) پێنج هەزار کەس بەگازی قەدەغەکراوی کیمیاوی خنکێران و بە دەیان هەزارانی دیکەش بریندار بوون و کە تاوەکو ئێستاش ئاسەوارەکانی ئەم گازە کیمیاویە بەردەوامە و خەڵکی ئەو ناوچانە بەدەستیەوە دەناڵێنن زنجیرە یەك لە دوایەکەکانی ئەو تاوانانەن. وەلێ لوتکە و ترۆپکی هەموویەو تاوانانە خۆی لە (ئۆپەراسیۆنی ئەنفال) دابینیەوە. کە بە پرۆگرامێکی دارێژراوی پێش وەختی رژێمی عێراق بەرێوە چوو بەڵێ تاوانێك کە چەند مانگێك لە (23 ی‌شوبات تا 6 ئەیلولی 1988) لە هەشت قۆناغی جیاجیادا بەبەرچاوی ولاتانی جیهان و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان و (UN) و رێکخراوەکانی مافی مرۆۋ رویداو زیاتر لە (182000) سەدو هەشتا و دوو هەزار هاوولاتی کوردی سیڤیل تیایدا شونبزرکران و زیاتر لە (4500) گوند و لادێی کوردستانیش تەفرو تونا کراو سوتێندران کە بە سیاستی خاك سوتاندن ناوزەد دەکرێت " هەروەها گەرانەوە بۆ سیستەمی عبودیە (واتە کرین فروشتنی بەندە) بازرگانی بە ئافرەت و مندالانی کوردوە کرد. بەڵام بەداخەوە کەسێك دەنگی لێوەنەهات و دنیا لێی بێ دەنگ بوو، تەنانەت ڕوو ناوەرۆکی ئەم تاوانە بێ وێنەیە لەگەڵ ئاستی گەورەیی و دڕندانەی نەبونە کە رستەو هەوێنی دەزگاکانی راگەیاندن و نەورژێنران، پێویستە ئەوەش بگوترێت

کەبەر لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی ساڵی 1988 دا پێشتریش سیاسەتی جینۆسایدی کوردان بەچەند شێوازێك ئەنجامدراوە. ئەوەتە لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا بەدەیان هەزار هاووڵاتی کوردی فەیلی شونبزر کران و لە ساڵی 1983 دا زیاتر لە ( 8000 ) هەشت هەزار هاوڵاتی بارزانی بەپرۆسەیەکی دارێژراوی رژێمی عێراق بێسەرو شوێنکران و ئێستاش بە دروستی نازانرێت چارەنوسیان چی یە ؟

دیارە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) و وڵاتە زلهێز و باڵا دەستەکان بەرپرسیاری یەکەمن بەرامبەر ڕوودانی ئەو تاوانە بێ وێنەیە، بێگومان دابەش بوونی جیهان لەوکاتدا بەسەر دوو جەمسەر (بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا) و بەیەك گەیشتنەوەی بەرژەوەندییەکان هۆکاری سەرە کی بوون بۆ داپۆشین و شاردنەوەی ئەو تاوانانە. وەلێ ئەمڕۆ دوای ئەو هەموو گۆڕانکاری و رووداوانەی کە هاتنە پێشەوە و لە دوای پڕۆسەی ئازادی عێراق و ئاشکرا بوون و دۆزینەوەی سەدان گۆڕی بە کۆمەڵ کە بەڵگەی واقیعین لە سەر ئەو تاوانە،بۆیە پێویستە لە کاتی دادگایی کردنی تاوانباران فایلی ئەنفال ببێتە گەورترین کەیسی سەدەی رابردو لە مەر جینوساید هەوڵ بدریت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) زیاتر بایەخ بەم پرسەوە بدەن و لە بنج و بنەوانی بکۆڵنەوە و هەوڵ بۆبە ( نێو نەتەوەیی کردنی کارەساتی ئەنفال) بدرێت و پاش دادگایەکەش دەستبەجێ قوربانیان و زیان لێکەوتوانی قەرەبوو بکرێنەوە ، بەتایبەتی لەو ماوەیەدا هەروەك بینیمان چۆن نەتەوە یەکگرتوەکان (UN) رەزامەندی خۆی نیشاندا لە سەر قەرەبوو کردنەوەی خێزانی گیراوە کوێتییەکان کە ژمارەیان تەنها (602) کە سە و بڕی ( 161 ) ملیۆن دیناریان پێ درا. کە کاتی خۆی لە کاتی داگیر کردنی کوێت لە ساڵی 1990 لە لایەن ڕژێمی عێراق گیرابوون ئاواش خێزانی ( 182000 ) هەزار کەس قەرەبوو بکرێنەوە. هەر نا بۆ ئەوەی کەمێك لە مەینەتی و تەنگ و چەڵەمەکانیان کەم بکرێتەوە، هیوادارم بابەتەکەم هەولێك بێت بۆ ئەم مەبەستە.

## ** فایلی ئەنفال لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق:

دامەزراندنی ئەم دادگایە دەگریتەوە بۆ سەرددەمی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی حوکم ، کە لەم کاتەدا فەمانرەوایی عێراقیان دەکرد وەك دەسەلاتێکی ئینتقالی پاش رووخانی رژێمی دیکتاتوری بەعس، ئەم دادگایە پەیوەندی بە تاوانەکانی دژە مرۆیی و کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی جەنگ هەیە کە بە بریاری یاسایی دەرچووە و هاوکات وەك ماددەیەکی سەرەکی یاسایی سزاکانی عیراقیش جێ بە جێ دەکرێت کە دادگاکە لە رووی دستووری و یاسایی بە قووتتر دەکات , ئەم دادگایە تایبەتە بە کۆمەلێك تاوانی دیاریکراو کە رژێمێکی دیاری کراو واتە لە (1968/7/17) تا (2003/4/9) ئەنجامی داوەن، واتە سەردەمی دەسەڵاتداری رژێمی بەعس کە تایبەتە بە تاوانەکانی (تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی جێنۆساید و تاوانەکانی جەنگ ) کە یەکیك لەم تاوانانە تاوانی ئەنفالە , پاش دامەزراندنی دادگای بالای تاوانەکان لە عێراق و لە کوردستان دەست پیٚ ی کردنی کارکان و هەوڵەکانی دادگای بالای تاوانەکان بۆ فایلی ئەنفال کە ساڵەکانی 1987تاکو 1988لە خۆ دەگرێت بەم شیوەیە بوو :

1–کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان بە شێوەی بینراو وبیستراو خوینراو لە سەر ئەنفال و کیمیابارانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لە ساڵانی 1987–1988 جگە لە کیمیابارانی هەڵەبجە چونکە فایلێکی جیا لە ئەنفالە کە بۆ ئەم مەبەستە جگە لەم بەڵگانەی خۆمان هەمان بوو سوود لە بەڵگەنامەکانی کووالار و 14 تن بەڵگەنامانەی کە پاش راپەرین نێردرا بۆ نەتەوەیەکگرتووەکانی ئەمریکا وەرگیراوە هەروەها ئەو بەڵگەنامەی لە دەست خەڵك کەوتبوو لە کاتی راپەرینی 1991 و پرۆسەی ئازادی عێراق لە 2003 دا. بەداخەوە ئەو بەڵگەنامانەی کە هەمانە هێندێکیان دیکۆمینتی اصلی نین چونکە ئەم بەڵگەنامانە کە لە رۆژنامەکان بڵاوی دەکەینەوە یان وەك کەرستەیەکی فشاری سیاسی بەکاری دێنین ،جیاوازی هەیە لەگەڵ کەرەستەی قانونی،کەرەستەی قانوونی دەبیت زیندوو و روون بێت، تەئویلات قبوڵ ناکات،کەدەتوانم بڵیم هەمووومان بە تایبەتی دەسەلاتی کوردی بەرامبەر ئەم

هەوڵە کەمتر خەم بووینە.ئیستا ئەگەر سەیری دادگایی کردنەکە بکەین،بۆمان دەردەکەوێت مەسەلەی ئەنفال لە رووی ئیسپات کردن تا چە اندازەیەك گرانە ،واتە ئەوانەی ئەنفال کراوەن نەماوەن, ئەوانەی لە ئەنفال گەرانەوە و شایدحالن هێندیکیان ئامادە نین شایدی بدەن هێندێکیان ئەنفالەکانیان نەبینیوە کە چوون کوژراوەن و یان چوون زیندە بە چال کراوەن جەگە لە چەند کەسێك نەبێت ،بەڵام لە هەمان کاتدا بەڵگەی زۆر بە هێزیشمان لەبەر دەستە ئەمە جگە لە دانپێنانەکان وەك دان پێنانی علی حسن مجید کە بە شاهیدی وەفدی کوردی لە ساڵی 1991 کە دەڵێت: ئەنفال لە 100 هەزار کەس تێ ناپەرێت , ئەمە زۆر گرنگە گەر 50 کەسیش ئەنفال کرابێت یانی ئیسپات کردنی ئەوەیە کە پرۆسەیەك بەناوی ئەنفال ئەنجام دراوە یان بڵاوکراوەکانی رژێم لە سەردەمی ئەنجام دانی پرۆسەکە هەروەها ئەوانەی تەکریم کراوەن و( نۆتی شجاعیان) وەرگرتووە و ناوەکانیان تۆمار کراوە بۆ نمونە سلتان هاشم کاتی کە گیرا خەریك بوو ئازاد بکرێت کە یەکێك لە پالەوانەکانی قاتو قرکردنی ئافرەت و مندالەکانمان بوو لە پرۆسەی بەدی ئەنفال ,لە فایلی ئەنفال لە رووی سیاغەی یاسایی شتی زۆر باش کۆ کراوەتەوە تا بەڵگەکان یاسایی موقنیع بن چونکە جیهانێك جگە لە ئێمە سەیری دادگاکە دەکات ،بۆ نمونە شاهیدمان هەیە لە نوگرە سلمان گراوەتەوە ئەو نوگرە سەلمانەی کە بە هەزاران کەسی تیدا بووە کە رۆژانە بە دەیان کەسیان لێ مردووە دەڵێن : بە چاوی خۆمان دەیان کەسمان بینیوە کە مردوون و خستومانەتە ژێر خاك هەر پێش ئەوی بگرێینەوە سەگە رەشەکان هاتوون تەرمەکانیان دەرهیناوە خواردویانە ئەمانە بۆ نمونە باس کران کە بەڵگەی کاریگەرن هەروەها بۆ ئاگاداریتان قوناغی هەشتمی ئەنفال کە بە (خاتمەالانفال) ناوزەد دەکرێت بە هێزترین بەڵگەنامەی لە سەر بەدەست کەوتووە لە چاو قوناغەکانی تری ئەنفال بە هەر حاڵ هەوڵمان داوە لە چوارچێوەی یاسایی بەڵگەکان بەخینە روو نەك کەرستەیەکی راگەیاندن بەلام ئیستا لە کاتی دادگایەکە پیویستیمان بە راگەیاندنە بۆ بە هێز کردنی فایلەکە .

2–دەست نیشان کردن و و سەر هەڵدانەوەی گۆرەبەکۆمەڵەکان – کار کردن بەشیوەی زانستی لەسەر ژمارەیەك لە تەرمەکانی ناو گۆرە بە کۆمەلەکان و بە دواداچوون بۆ ناسینەوەی کەس و کاریان – ئامادە کردنی راپۆرتی گۆرەبە کۆمەلەکان– بۆ ئەم مەبەستە گۆری بەکۆمەڵی ناوچەی حەزەری موسل وەك بەلگە بەکار هاتووە کە مەزندە دەکرێت نزیکەی 7000 –10000 کەس لە خلّکی سیڤلّی ناوچەکانی کوردستانی تیدا زیندە بە چال کراوەن کە وەك بەڵگە–200 تەرم– کاری زانستی تیدا کراوە لە لایەن تیمەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ و پسپۆرانی ئەمریکی-CPA – کە لەکاتی دادگایی کردنی تاوانباران ئامادە دەبیت کە جیگای ئاماژە پێ ی کردنە لەنێو ئەم گۆرە تەرمی ئافرەتێکی دووگیان کەمندالێکی 8 مانگەی لەسکی دابوو بەر چاو دەکەویت چونکە–پارێزەرەکانی سەدام و دار دەستەکەی باس لە ئەوە دەکەن کە ئەو گۆرە بە کۆمەڵانە تەرمی–سەربازەکانی شەری 8 سالەی ئیران –عێراقن, لەناو گۆرەکان تەسبیحی قەزوانی تیدایە , جل بەرگی ئافرەتان وتۆپی یاری و شوشەی شیرو قوتوی شیری کۆرپە و بوکە شوشەی تیدایە , سەبارەت بە بە دواداچوونی هەویانەی لە گۆرە بە کۆمەڵەکان بۆ نمونە 8 نفوس لە باخەلی ئافرەتیك دا دۆزرایەوە لە دوای لێکۆلینەوەدەرکەوت 4کەس لە وانەی نفوسەکانیان دۆزراوەتەوە زیندوون کە کاتی خۆی لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفال ئەم خیزان لێك ترازاوەن ئەوان لە ئەنفال رزگاریان بوو دایکیان لەگەڵ 3 لە خوشك وبرایان زیندە بە چاڵ کراوەن کە لەم بارەیە وەك وەزارەتی مافی مرۆڤ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی چوارەم راپۆرتێکی تێر تەسەل لەسەر گۆرە بە کۆمەڵەکان

پیشکەش بە دادگا کراوە لەگەڵ اتلسی (خریتەی) ئەنفال و گۆرە بە کۆمەڵەکان.

3– دیداری شایدحال و شایدعیانەکان وەك کەسوکاری قوربانیان هەروەها ئەوانەی بەشیك بووینە لە پرۆسەی بەڕێوەبردن وەك– مۆستەشارەکان و جاشەکان کە چاو ساغی حکوومەت بوون لەم کاتەدا.هەروەها ئەگەری زۆر لە ئارادایەکە تەکلیف لە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بکرێت بۆ تەسلیم کردنەوەی ئەو کەسانەی وەك چاو ساغی حکومەت وەك جاش و موستشار کاریان کردوە لە پرۆسەی ئەنفال, چونکە ئەحزابی کوردی خاوەنی عەفوو نین بەڵکو خاوەنی عەفوو کەسو کاری ئەنفالکراوەکان .

4– وەرگرتنی ایفاد و سکاڵا لە کەس وکاری قوربانیان: (5000) سکالای کەسوکارەکان تۆمار کراوە کە بە داخەوە ژمارەیەکی کەمە ئەمەش دەگەریتەوە بۆ بێ هیوا بوونی کەس کاری قووربانیان لە دیداار و چاو پێکەوتن و فۆرم پر کردنەوە لە ساڵانی رابردوو– هەروەها شایدی و ایفادی نزیکەی 1200 لە شاهیدحال و شاید عیان وەرگیراوە کە – 200–150 کەس بۆدادگا شایەتی دەدن کە دەبی ئامادە بکرێن لە هەموو رۆیەکەوە–هەروەها محکمە بە شیوەی مەیدانیش سەردانی گوندەویران کراوەکان کیمیابارانیان کرد–لە رێکەوتی 5\2005 لە هەولێر لە –8\2005 لە دهوك– دیدار و وەرگرتنی ایفاد و شایدیەکان لە رێگای دەستنیشان کردنی زۆربەی شایدەکان لە لایەن دادگا بە پیٚ ی بەلگەکانیان بوو ئەمەش بۆ بە هێز کردنی بەڵگەنامەکان بووو–ئەوانەی تریش لە لایەن ئیمە ئەوانەی کەیسی بە هێز بوون دەست نیشان دەکران هەموو ئەم هەوڵانە بە شیوەیکی زۆر نهێنی ئەنجام دەدرا ئەمەش دەگرایەوە بۆ هۆکاری ئەمنی, لێرەدا پێویستە رۆڵی وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایشی گشتی لە سنووری پارێزگای هەولێرو دهۆك بەرز بنرخێنین بە مەبەستی هاوکاری کردنمان لە هەموو کات و ساتێکی پێویست .

5- کۆکردنەوەی ژمارەی قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران کە بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن هەردوو وەزارتی مافی مرۆڤی پێشوو سەرژمێریەکان ئەوی کە تاکو ئیستا ئامادە بوو تسلیم بە دادگا کراوە کە نزیکەی( 60000) ناوی ئەنفالکراو لە خۆ دەگرێت –بەڵام کەمتر خەمی هەموو لایەکمان بە تایبەتی دەسەلاتی کوردی لە پاش راپەرین و سەرەتای پێك هینانی حکومەت و پەرلەمان بۆ سەرژمێری کردنی ئەنفال و بیٚ سەرو شوینەکان .

سەرەکی ترین هۆکارەکانی نەبوونی ئامارێکی دروست وتەواو ونەگەیشتن بەم ئامانجە لە سەر ئەنفال دەگەریتەوە بۆ:

ا– پاش راپەرین کوردستان بە هۆی ئەو باردۆخە سیاسیە نالە بارەی تێکەوت وەك شەری ناوخۆ , هەر لەم کاتەش زۆر لە بەڵگەنامە دیکۆمێنتەکان لە ناو چوون .

ب– گوندی واهەبووە کاتێك ویران کراوە کەسی لی دەرباز نەبوو کە بزانین و تۆمار بکرێت ژمارەیان چەند بووە هەر چەند لە سالی 1987 سەرژمێریکی گشتی لە لایەن رژێم کراوە بەڵام بە هۆی ئەنجام دانی پرۆسەی بەدی ئەنفال و سیاسەتی خاپوور ویران کردنی کوردستان و راپەرینی سالّی 1991 وتاڵان کردنی کوردستان کەم و کوری زۆری تیٚ کەوت کە نەتوانراوە کاری زانستی و پێویستی تیدا بکرێت, هەروەها زۆر لە بە سالاچووەکان کە

له كارەساتی ئەنفال گەرابوونەوە شاید بوون لەم چەند ساله وفاتیان کرد بیٚ ئەوەی بەسەرهاتیان تۆمار بکرێت .

ج –ژمارەیەکی بەر چاو له  کەس و کاری قوربانیان  له کاتی راپەرین  و کۆرەوەکه شەهید وبیٚ سەر شوین کران .

د – له بەر نەبوونی استقراری سیاسی پاش راپەرین له کوردستان خەلکێکی زۆر رووی له هەندران کرد که ژمارەێکیان کەس و کاری قوربانیان بوون .

ه – پشتگویٚخستن و ساغ نەکردنەوەی ژمارەی قوربانیانی ناو گۆره به کۆمەڵەکان.

هەر چەند ئیمه له سەنتەری ئەنفال به هاوکاری حکومەتی هەرێم له سالی 2001 تاکو 2004 هەوڵمان داوه سەرژمێریەکی زانستی و مەیدانی ئەنجام بدین که دەتوانرێت له (60٪) پشتی پیٚ ببستین.

6- دیدار چاو پێکەوتن لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی له کاتی پرۆسه شوومەکه دەستدرێژەیان کراوەته سەر بۆ ئەم مەبەستەش هەولێکی زۆرمان داوه بۆ ئەوی ئەو ئافرەتانه ببن به بەشێك له پرۆسەی دادگایی کردنەکه ئەگەر به شێوەی نهێنیش بێت بەڵام به داخەوه له بەر داب و نەریت وبارودۆخی کۆمەلایەتی کوردستان ئامادەنین ئەم کاره بکەن بەتایبەتی کەس کاریان زۆر رێگرن له بەرامبەر ئەم کاره بەڵام هیوادارم بگەنه قەناعەت هەروەها (بەڵگه نامەی18 کچی ئەنفالکراو فروشراو به ووڵاتی مێسر) و ئەو بەڵگانەی تایبەتن به فرۆشتنی ئافرەتان و منداڵانی کورد لەکاتی عەمەلیاتی ئەنفال دراوەته دادگا .

تحقیقات له سەر فایلی ئەنفال له کۆتایی مانگی3\2006  کۆتایی پیٚ هات –له مانگی 4\ 2006 له تحقیق درا به محکمەی جنایی  و له رۆژی 21\8\2006  دادگایی کردنی تاوانبارن دەست پیٚدەکات –

– فایلی ئەنفال پێك هاتووه له( 43 ) فایل که کۆبەندەکەی دەگاته (8900) لاپەره که به ماندوو بوونی هەموو خەم خۆرانی بواری ئەنفال و دادگای باڵای تاوانەکانی رژێم ئاماده کراوه و ئەرکی ئێستامان وا دەخوازێت که هانی دەزگاکانی راگەیاندن بدرێت تاکو به بایەخێکی زیاتر له سەر ئەم بابەته بدویین به تایبەتی له سەر وروژاندنی بابەتی لێبوردنی دەوڵەتی عیراق بەرامبەر گەلی کوردستان  له هەمبەر هەموو ئەو جینۆسایدانەی که له ماوەی 35 سال حۆکمی دیکتاتوری سەدام و دار دەستەکەی به ناوی دەوڵەتی عێراق دەرهەق به گەلی کوردستان ئەنجامی داوەن که سەرەکی ترین داوی ڕاوای خەڵکی کوردستانه. ئەمەی سەرەوه کورتەیەك بوو له بەشێك له فایلی ئەنفال که زۆر سەربەرزم به ئەوەی وەك ئەرکێکی نیشتمانی له لایەن وەزارەتی مافی مرۆڤ  له سنوری پارێزگای هەولێر و دهۆك وەك رێکخەر و نوینەر هەم وەك چالاکێك لەم بوارەدا کارم لەگەڵ دادگای باڵای تاوانەکان کردوه .